# زانستی دەنگ و ئاخافتن

**مەغدید حاجی**

جێگای شانازییە بۆ کورد و بزاڤە ڕۆشنبیرییەکەی بە گشتی و شانۆی کوردی بەتایبەتی کە هونەرمەند و نووسەرێکی وەکو مامۆستا (ئەحمەد سالار)ی بەرهەم هێناوە. ئەم مامۆستا مەزنە ماوەی (٣٥) ساڵ زیاترە جگە لە بەشداری کاریگەری لە هەردوو بواری نواندن و دەرهێنان، بە نووسین، چ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، یان وەک کتێب، دەربارەی شانۆ بە گشتی، خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە گەلەکەی کردووە و بە ڕەنجی شان و دەست و قەڵەم و هزر و ڕێبازی تایبەتی خۆی (شانۆی سالار)ی داهێناوە.




(زانستی دەنگ و ئاخافتن) کە لە دوو توێی کتێبێکی (٢٣٠) لاپەڕەیی جوان و بەپێزدا ساڵی پار لە چوارچێوەی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (شانۆ) دەرچووە، کەلێنێکی دیاری لە کتێبخانەی کوردی و بەتایبەتی لە کتێبخانەکەنی کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان پڕکردۆتەوە.

پرۆفیسۆر د. فەیسەڵ ئیبراهیم مامۆستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین لەبارەی ئەم بەرهەمەی مامۆستا ئەحمەد سالارەوە نووسیوبەتی و دەڵێ: «... بەو داهێنانە جوانەوە گرەوی بردۆتەوە، کە گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ لایەنی خوێندن لە پەیمانگە (ناوەنجی و باڵاکاندا) و لە تاقیگەکانی ئەکتەردا و لە (خولە پێگەیاندنەکانیدا). بە بەرهەمێک لە دەرگای جیهانی نووسینی پەیڕەومەند دەدات، لە بواری (هونەری دەنگ و دەمودوو) ئەمەش (ئەزموونی سێیەمییەتی)، بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە لە باشترین

سەرچاوەی هەڵ هێنجاوە و ئیلهامی وەرگرتووە، جگە لەوەی بوارێکی لەباری هونەرییانەی چاکی گرتۆتەبەر ئەویش لایەنی ئەنجامدانی ئەو مەبەستەیە کە زۆر پێویستە لە ئامادەکردنی پراکتیکی و تیۆری بۆ:

٠هەناسەدان و دەنگ، ئاخاوتن و ئاخاوتنی شانۆیی، لە کۆمەڵگای شانۆدا، بە زۆر چەشنە مەشق و داهێنان و هێنانەوەی چەندین نموونە لە شاکارە جیهانییەکانی دەقی شانۆیی، ئەم پەروەردە کردنەش لەسەر بنەمای: (لە سانا و ساکارەوە بۆ قورس و گران.. لە دایلۆگی سایکۆلۆژی تاکیانە بۆ دوو قۆڵی و پاشان لە تەک بەشداران دا). لە دایلۆگی بیر و فەلسەفە و سایکۆلۆژییەوە بۆ دایلۆگی ئومێدداری و هەڵوێستە تێکەڵەکان .. ئەم جەربەزە ئازایانەی سالار لە نووسینی بابەتی پسپۆڕی ئاوادا دەروازەیەکی بەرین بەرووی بۆچوون و باری سەرنجی نوێدا واڵادەکات. ئەمە بە هەنگاوێکی تایبەتمەندی بایەخدار ناوزەد دەکرێت».

ئەم کتێبە سەنگینەی (ئەحمەد سالار) لە پێنج بەش و (پاشکۆ بەشێک) پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا لە میانەی زانستی دەنگە ئەکۆستیکییەکاندا لەم تەوەرانەی خوارەوە دەدوێت:

(دەروو، ئەکۆستیکییەتی دەنگ، گواستنەوەی دەنگ، جووڵەی چاوگە دەنگ، لەرینەوەی شەپۆلە دەنگ، خێرایی دەنگ، شەپۆلە دەنگ، جیاکردنەوەی دەنگێک لە دەنگێکی دی، پالاوتن، چەپکە دەنگ، زرنگانەوە و هەست کردن بە ماوە و قووڵایی دەنگ).

لە تەوەرەی (ئەکۆستیکییەتی) دەنگدا، برای نووسەر پێیوایە کە «کاتێ باس لە زانستی دەنگەوە دەکەین ناتوانین خۆمان لە بوونی زانستی زمان بپارێزین، هەروەها بێ باکانە بەسەریدا ڕابووڕین، چونکە وەک پێویستیەکی گرنگی زانستی، زانستێکی مەزنی سەربەخۆشی هەیە بەناوی زانستی دەنگی زمان [Phonetician] ئەمەش پابەندی ئەو ڕاستییەیە کە خودی زمان پێکهاتووی زنجیرە دەنگێکی یەک لە دوای یەکە، واتە چ وشە و چ ڕستە، پێکهاتەی یەکگرتنی چەند دەنگێکن، یان کۆمەڵە دەنگێک. کەواتە کەرستە خاوەکەی پێکهاتە زمانییەکە دەنگە. هەر لەو هۆکارەوەیە کە هەر توێژینەوەیەک لەسەر ئاستی هەر زمانێ بکرێ، دەبێ وردبوونەوە و شیتەڵ کردن و تاووتووکردنی دەنگەکان بە بنچینەی ئەو کارە زانستییە وەربگیرێ».

دوای ئەوەی نووسەر بە پشت بەستنی بە ژمارەیەک سەرچاوەی زانستی دەربارەی دەنگسازی باس لە تەوەرکانی بەشی یەکەمی کتێبەکەی دەکات، لە بەشی دووەمدا دێتە سەر (ئەکۆستیکیەتی دەنگە زمان) و دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە مرۆڤ بە هەمووڕەگەز و نەژادێکەوە لە هەر شوێنێ بوو بێ، تەنانەت بە کەڕولاڵەکانیشەوە دەنگ و ئاماژە و هێماکاری زمانی لە یەک گەیشتنی خۆی هەبووە. ئاخاوتنی پێداویستییەکی هەرە گرنگی ژیان و گوزەران و بەستنەوەی یەکدی بووە لە کۆمەڵگادا. کارەکان لە ڕێگای ئەو کەرستەی لەیەکتر حاڵی بوونەوە ڕایی بووە و ئەنجام دراون. بەر لە پەیدابوونی وشە و ڕستە، دەنگ و هاتوهاوار هەبووە، دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی بووە. کەواتە لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە، دەنگی لەگەڵدا هاتۆتە ئاراوە، هەر ئەو دەنگە بووە لەتەک پەرەسەندنی ژیان و پێکهێنانی یەکەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پەرەی سەندووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بایەخدارتر بووە، شارستانییەت و ژیار سەلمێنەری ئەوە، تا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە بچێ زمان بایەخدار تر و مەودا فراوانتر دەبێ، دەنگ و زمانیش، هەر لە بواری ئەو ململانێ سەرەتاییەوە بوو کە مرۆ لە تەک دەوروبەرەکەیدا، لە پێناوی سالاری مرۆڤدا کردی»..

هەر لەم بەشەدا نووسەر باس لە وشە، پەیدابوونی وشە هۆیەکانی پەیدابوونی زمان، هەنگاوەکانی پەیدابوونی زمان و دەربڕینی وشە دەکات.

لە بەشی سێیەمی کتێبەکەشدا، کۆئەندامی ئاخاوتن لە چوارچێوەی زانستی دەنگ و ئاخاوتندا دێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ئەم خاڵانە شیکراونەتەوە: (کۆئەندامی ئاخاوتن، ئەندامە سەرەکییەکانی ئاخاوتن وەکو مەڵبەندی مێشک- ناوپەنچک- سییەکان، قورقوڕاگە، زبانە بچکۆلە، قوڕگ، مەلاشوو، بۆشایی لووت، بۆشایی دەم، زبان، ددان، لێو). بە وێنەی ڕوونکەرەوە زیاتر ئەم بەشە فەسلەجی و بایۆلۆجییانە شیکراونەتەوە و ئەرکەکانیان لە ڕووی پێکهێنانی

دەنگ و کۆئەندامی دەنگی مرۆڤ و جیاکردنەوەی دەنگێک لە دەنگێکی تر و جۆری دەنگ و دەنگی نێرینە و دەنگی مێیینە و دەنگی منداڵان و پانتاییە دەنگییەکان، ناتەواوی و نەنگییەکانی دەنگی مرۆڤ، دیارترین ناتەواوییەکانی دەنگ، پەرەپێدانی دەنگی مرۆڤ، خاسیەتە سەرەکییەکانی دەنگ و ئاخاوتن) .. هەمووی روون کراونەتەوە.

بەر لە کۆتایی ئەم بەشەدا، نووسەر ئاماژە بۆ هێنانەوەی یازدە خاڵ دەکات لەلایەن نووسەر و هونەرمەندی عێراقی ناسراو (بەدری حەسون فەرید)، کە بە کۆمەڵە مەرجێ لەلایەن زانایانەوە دەست نیشان کراون و تایبەتن بە هونەری ئاخاوتن.

هەروەها دانەری کتێبەکە مامۆستا ئەحمەد سالار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شتێکی ئاشکرا و سەلمێنراوە، هیچ توانا و لێهاتوویەکی باڵا لە خۆڕا نایەتە گۆڕێ، بۆیە مەشق و مەشقی بەردەوام و لەسەر بنچینە و ڕێنمایەکی دروست و شارەزا، ئەو مەرج و توانایانە دەست دەکەوێ. ئەگەر چاو بەسەربوردەی مەزنە هونەرمەندانی شانۆدا بگێڕین، بۆمان ڕون دەبێتەوە کە مەشق و پەروەردەکردنی لەش و دەنگ و ناخ بەو پلە باڵایەی گەیاندوون.

(سان سلافسکی) لەم بارەیەوە، یادگارێکی خۆی دەگێڕێتەوە: «کاتێ لە ئەمەریکا بووم هەوڵم دا ماوەی یەک مانگ بە تەواوەتی لە ژوورەکەمدا، بە گۆرانی وتن مەشقی دەنگم بکەم، چونکە لەو وڵاتەدا نەدەبوو بە دەنگی بەرز گۆرانی بوتری، بۆیە ناچار لەناو کەنتۆری جلوبەرگدا دەموت، پاش ئەو مەشق کردنە، کاتێک بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ (نیمۆرۆفتش)ی برادەرما کرد، دەنگی نەناسیمەوە».

هەر لەم بەشەدا نووسەری کتێب پێنج مەرج لە مەرجە هونەرییەکان لە نواندنی کەسەکاندا دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی ئەکتەر سەرکەوتووانە بەرجەستەی کەسایەتییە درامییەکان بکات...

یەکەم: ئەو جۆرە دەنگە بە کەسایەتییە شانۆییەکە ببەخشێ، کە پڕ بە پڕی گشت لایەنەکانی کەسایەتییەکە بێت.

دووەم: لە ڕێگای دەنگ و ئاخاوتنەوە مانا و مەبەستەکەی نووسەر بگەیەنێ.

سێیەم: توانای گەیاندنی دەنگ بەبێ گوێدانە گەورەیی و گچکەیی هۆڵەکە.

چوارەم: توانای بەکارهێنانی وشەکە یەکەی میوزیکی پێوە دیار بێ.

پێنجەم: شارەزابوون و کارامەیی لە مامەڵە کردن لەتەک هەمەجۆر ڕێبازە شانۆییەکان و هەمە ڕەگەزی ئەدەبییەکاندا.

لە دوای ئەمە نووسەر کۆمەڵە مەشقێکی دەنگ سازکردن دەخاتە ڕوو کە دەکرێ هونەرمەندان بە تایبەتی دەرهێنەر و ئەکتەرەکان سوودی زۆریان لێوەربگرن و ئەم کتێبە زۆر بە هانایانەوە دێت.

لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا (بیستن) خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە وەکو: بیستنی دەنگ، کە زانستێکی تایبەت بە بیستنی هەیە، پێی دەوترێت زانستی دەنگە بیستراوەکان(Audiotory Phonetics)، گوێی مرۆڤ، بەشەکانی گوێی مرۆڤیش بە پێی ئەرک و شوێنیان دەکرێن بە سێ بەشەوە، پوختەی کارکردنی گوێ لەم هەنگاوانەدا کۆدەبێتەوە:

١- پێشوازی و وەرگرتنی دەنگ.

٢- پاراستنی پەردەی گوێی ناوەوە بە گەڕانەوە و نزمکردنەوەی لەرە بەرزەکان.

٣- پاڵاوتنی لەرینەوەکان.

٤- شیکردنەوەی شەپۆلە دەنگییەکان.

٥- گەیاندنیان بە مێشک بۆ کاری درکاندن.

لە بەشی پێنجەم و کۆتایی کتێبەکەدا، نووسەر باس لە (زمان و زمانی کوردی) دەکات، لەم بەشەدا چەند لاپەڕەیەک لە چاپکردندا دووبارە بوونەتەوە. هەروەها نووسەر لێرەدا ئاماژەی بە هەردوو بۆچوون داوە، چ بۆچوونی زانستی دەربارەی پێناسەکردن و خاسیەتەکانی زمان و گەشەسەندنی زمان و زمانی کوردی بە تایبەتی، یان بۆچوونێکی نا زانستی پشت بەستوو بە ئایینەوە...

زمان دیاردەیەکە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی هەر مرۆڤێک، لە ڕووی زمان و ئاخاوتنەکەیەوە، گشت لایەنەکانی ئەو کەسایەتییە دەخوێنرێتەوە، بۆیە بۆ ناسینی هەر کەسایەتییەکی

شــــانۆیی، دەبێ لە زمـــــان و ئاخاوتنییەوە بۆی بچین»، هەروەها لەبارەی زمـانی وردییــەوە چەندی بۆچوون و شـیکردنەوەیەک لە دوو توێی کتێبەکەدا خراونەتە ڕوو، لە یەکـێکیـاندا هاتووە کـە «زمـانی کوردی لە زمانە هەرە دێرینەکانی، ناو زمــانەکـــانی ڕۆژهەڵاتە، بە پوختی و جوانی دەنرخێنرێ، زمانێ لەگـەڵ ئەو هەمــوو چەوســانەوە و دژایەتی و هەڕەشـەی لەناوبردنەدا، سەدان ساڵە ماوە و بەردەوامە...» هۆیەکـانی مـان و بەردەوامـیش لە کتێبەکەدا ڕوون کراونەتەوە..

بەر لە کــۆتایی ئەم بەشـــەدا نووسەر باسی لە دەنگە کوردییەکان کردووە و لیستی پیتە کوردییەکانی بە (ناوی پیت) و (شێوەی پیت) و بە (لاتینی)خستۆتە ڕوو. جگە لە خستنە ڕووی سەرنج لەسەر دەنگە کــوردییــەکـان و ئاخـاوتنی دەنگە کـوردییـەکـان و پیتـەکـان بە پێی دەرچەکانییان. لێرەدا نووسەر زیاتر وەکــو زمــانزانێک لە بابەتی ئەم بەشـە دواوە و دیارە مـامـۆسـتـا (ئەحـمەد سالار) لە بواری نووسین و ئەدەبیـات و زمـانزانییــەوە هەر لە ســەرەتاوە شــارەزاییــەکی باشی وەدەست هێناوە و ئەمەش نیشانەی بەدواداچوون و خۆماندووکردنییەتی لـە بـواری خـــــــوێـنـدنـەوە و لێکۆڵینەوەدا.

پاشکۆی کتێبـەکەش بریتییە لە چەندین مـەشقی سۆلفێج و بینراوە شانۆییەکان.

لە نموونەکـانی مەشقی سۆلفێج: (ڕزمە مەشق- لە سۆلفێجی ماکس بانکیە خوازراوە-. (سترانە مەشق لە سـۆلفـیـجی مـاکس بانکیـە خـوازراوە- (مـقـامـە مـەشق- لە گۆرانییە سۆلفیجی عەبدولحەمید مەشعەل وەرگیراوە-

لە بینراوە شانۆییەکانیشدا، چەند نموونەیەکی لە دەقـەکـانی: (ژیانی گـــــالیلۆ- بروتـۆڵد برێخت- وەرگێڕانی فوئاد مەجید میسری)، (جوغزە گەنجینە، بیرتۆڵد برێخت، وەرگێڕانی عومەری عەلی ئەمین)، (خەج و سیامەند، نووسینی فوئاد مـەجـیـد مـیـسـری) (هاملیت-ی شکسپیر، وەرگێڕانی گۆران سەباح غەفوور)،

(مــاکـبـێس-ی شکســپـیـر، وەرگـێـڕانی مـەحـمـوود زامـدار)، ٠دوژمنی گـەل- هێنریک ئیبسن، وەرگـێــڕانی مـحــەمــەد فــەریق حەسەن)، (کورسییەکان-ی یۆجین یۆنسکۆ، وەرگـێـڕانی ئەحـمــەد سالار)... تاد

لە کـۆتاییـدا مـایەوە بڵـێم کـە نووسـەری ئەم کـتـێـبـە پشـتی بە (٢٢) سەرچاوە بە زمانی کوردی و (١٥) سـەرچاوە بە زمـانی عـەرەبی و دوو سەرچاوە بە زمـانی ئینگلیزی بەستاوە.

لە کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب بە تیـــراژی (١٠٠٠) هەزار دانە چاپ کراوە.